حکومەتی هەرێمی کوردستان. عێراق
وزارەتی پەروەردە
بەڕێوەبەری گشتی پرۆگرام و چاپەمەنیەکان

# «پەروەردەی مەدەنی»

## فێربوون دەربارەی تایبەتمەندی

بۆ

## پۆلی چوارەمی بنەڕەتی

ئامادەکردنی
لێژنەیەك لە وەزارەتی پەروەردە

پێداچوونەوەی زانستی
یوسف عوسمان حەمەد

چاپی پێنجەم
٢٠١٦ زایینی - ٢٧١٦ کوردی - ١٤٣٧ کۆچی

سەرپەرشتی زانستی چاپ: یوسف عوسمان حەمەد

سەرپەرشتی هونەری چاپ: عوسمان پیرداود- خالد سلیم محمود

دیزاین و نیگارەکان: نەجمەددین بیری

ئامادەکردنی چیرۆکەکان: دلێر ئیبراهیم

تایپ و جێبەجێکردنی بژاری هونەری: شیماء یاسین

# ناوەڕۆك


| | |
|---|---|
| پێشەكی | ٤ |
| تایبەتمەندی | ٦ |
| زەڕافەی مل درێژ | ١١ |
| پەرتووكە ڕەنگاو ڕەنگەكە | ١٦ |
| كێشەیەك بۆ چارەسەركردن | ١٨ |
| لەكێڵگەدا | ٢٠ |
| كێشەیەك بۆ دایكەكە | ٢٤ |
| كۆبوونەوەی پۆلەكە | ٢٨ |
| دیمەن پەشیمان دەبێتەوە | ٣١ |
| كۆمەڵەی دایكان و باوكان | ٣٦ |
| چیرۆك لە سەر پەیوەندی كەسی | ٤٠ |
| پەرتوكخانەی قوتابخانە | ٤٢ |
| پەڕە درەوشاوەكە | ٤٧ |

# پێشەکی

ماموستای دڵسۆز، پەرتووکەکانی پەروەردەی مەدەنی هەنگاوێکی پەروەردەییە لە قوتابخانە بنەڕەتیەکاندا، کە لە چوارچێوەی رەوشت و گۆڕانی رەفتار دەبێت بەرەو ئەوەی کە منداڵ چۆن کەسایەتی خۆی دروست بکات و متمانەی بە خودی خۆی بکات و کەسێکی کارا و بوێربێت لە ناو کۆمەڵگەدا. پەرتووکەکانی پەروەردەی مەدەنی بە هەر چوار بابەتی (بەرپرسیاریەتی و تایبەتمەندی و دادوەری و دەسەڵات) بابەتی رەفتاری هزرین، واتە یاری کەسایەتی و بوێرییە، ئەم بابەتانە بۆ خوێندنی دێربەدێر و رێنووس کردن نییە، بەڵکو چالاکی گرووپی نێوان خودی خوێندکاران - قوتابیان و ماموستایە بۆ زاخاوی مێشک و چالاککردنی هزری منداڵە، کە چۆن پەیوەندی بەهێز دەبێت لەگەڵ ژینگەدا.

ماموستای بەرێز مەرج نییە بە تەواوەتی پابەند بێت بە دەقەکانی ناو پەرتووکەکە، ئەمە تەنها جۆرە شێوازێکە بۆ زانینی چۆنیەتی وانەوتنەوە و راهێنان و مەشقی هزری واتە دەبێت ماموستا بیرکردنەوەی لە سنووری ئەم پەرتووکانە فراوەنتر بێت بۆ چالاکی، نموونەی ئەمانە بهێنەوە، لە ژینگەی منداڵ و ئەو ئاژەڵانە باس بکە کە لەلای منداڵ خۆشەویستن، لە ژیانی رۆژانە و ژینگەی دەوروبەری نموونە بهێنەوە، کاتێ باسی دادوەریی دەکەیت مەرج نیە باسی چیرۆکی کتێب بکەین باسی دادوەری رۆژانە بکە کە خودی قوتابی - خوێندکار پێی خۆشە و چێژی لێ وەردەگرێت.

پەرتووکی پەروەردەیی مەدەنی دەبێت لە بەر دەستی قوتابی - خوێندکار بێت بۆ ئەوەی لەماڵەوە لەگەڵ خێزانەکەی باسی بەرپرسیاریەتی و دەسەڵات و دادوەری و تایبەتمەندی بکات.

ماموستایی بەرێز.. هەوڵبدە منداڵ فێری ئەوە بێت خۆی نموونەی رۆژانە بهێنێتەوە بە بەشداری ماموستا مەبەست میتۆدی باسکەیە، بۆ نموونە لەسەر تایبەتمەندی قسە دەکەیت با لە ماڵێ خۆی دەست پێبکات، نەک لە دەقەکانی ناو پەرتووکەکە. ئەم پەرتووکانە تەنها بۆ رێنیشاندەر و ئاسانکاری ماموستایە کە لەم شێوازە چالاکی بکات لە ژینگەی خۆیدا، بە هاوبەشی نێوان قوتابی و ماموستا، لە تاقیکردنەوەدا دەکرێت باس لە چالاکی رۆژانە و نموونەی ماموستا و قوتابی ببێتە هەوێنی پرسیارەکان لە رۆژانە و مانگانەدا.

**لێژنەی پەروەردەی مەدەنی**
**وەزارەتی پەروەردە**

## لە ناو خێزاندا بە یەکسانی و دادپەروەریی و بەختەوەری دەژین



# تایبەتمەندی

- تایبەتمەندی مافی هەموو کەسێکە.

هەموو مرۆڤێک تایبەتمەندی خۆی هەیە و، نابێ کەسانی تر هەوڵی ئەوە بدەن کە بزانن ئەو تایبەتماندیانە چین، چونکە تایبەتمەندی تایبەتە بە خودی ئەو کەسەو، نابێت بە هیچ شێوەیەک هەوڵی پێشێلّ کردنی ئەو تایبەتماندیە بدرێت.

## تایبەتمەندی چییە؟
## چی فێردەبیت؟

وشەی تایبەتمەندی لەوانەیە بۆتۆ وشەیەکی نوێ بێت، چەند شتێکی تایبەتمەند هەن خەڵک دەیان پارێزێت، بۆ پاراستنی ئەم شتانەش چەند ڕێگایەکی جیاواز هەن، تۆ فێری ئەم شتانە دەبیت.



## چەند وشەیەك بۆ فێربوون

تایبەتمەندی — پاراستنی نهێنی

تایبەتمەندی — ڕێزگرتنی کەسی بەرامبەر

## چەند بیرۆکەیەك بۆ فێربوون

### تایبەتمەندی چییە؟

ئەمانە چەند بیرۆکەیەکن یارمەتیت دەدەن لەبیرکردنەوەی تایبەتمەندی.

- تۆ تایبەتمەندییەکت هەیە کاتێ نهێنییەک یان شتێکی تایبەتی خۆت دەپارێزی.



- کاتێک تۆ بەتەنیا لە ژوورێک دابیت، تایبەتمەندیەکت هەیە، کەس ناتوانێ گوێی لێت بێت و بتبینێت.
- کاتێک تۆ لەگەڵ هاورێکانت یاری دەکەیت, تایبەتمەندیەکت هەیە، رێگا بە کەسانی دیکە نادەیت یاوەریت بکەن.

* دەتوانی هەندێ لە جۆرەکانی تایبەتمەندی خۆت یان کەسانی تر بژمێریت:

١. ئەلبومی وێنەکان

٢. .......

٣. .......

٤. .......

* بۆچی کردنەوەی نامەی هاوڕێیەکەت پێشێلکردنی تایبەتمەندییە؟

* ئەگەر هاوڕێیەکەت متمانەی بەتۆ بوو هەندێ لە نهێنیەکانی خۆی لای تۆ درکاند، تۆ چۆن هەڵسوکەوت لەگەڵ ئەمە دەکەیت، ئایا ئەو نهێنیە لای کەسانی تر دەدرکێنی؟

* لەماڵەوە چەندین تایبەتمەندیمان هەیە ئایا دەکرێ ئەو تایبەتمەندیانە لای خەڵکی دیکە باس بکەین؟بۆچی؟

* لەچ کاتێکدا پێویستە تایبەتمەندیەکانمان ئاشکرا بکەین؟

وەڵام:

- لە قوتابخانە کاتێ مامۆستا نینۆک و دەست خاوێنیمان دەپشکنێ.
- کاتێ کە پێویست بکات نهێنیەک بدرکێنی بۆ رزگارکردنی گیانی یەکێک یا چارەسەرکردنی کێشەیەکی یاسایی.
- کاتێ کە دایە وبابە چاودێریت دەکەن و پێت دەڵێن بە تەنها مەگەڕێ و دوورکەرەوە لە مەترسیەکان.

تایبەتمەندی:

- پێناسەی تایبەتمەندی (پاراستنی نهێنی و رێزگرتنی کەسی بەرامبەر).
- چەمکی تایبەتمەندی (ریزگرتن لە کەسایەتی مرۆڤ و دەستوەرنەدان لە نهێنیەکان و هەڵسوکەوتی رۆژانە). وەک:
- خۆهەڵقورتاندن لە شێواز و شوێنی نووستن.
- رەخنەگرتن لە جۆر و رەنگ و شێوازی جلوبەرگ و شێوەی پۆشینی.
- پرسین و لێکۆڵینەوە لە پارە و داهاتی ئەو کەسە.
- گاڵتەکردن بە حەز و ئارەزووەکانی.
- چەمکی تایبەتمەندی بە گوێرەی بارودۆخەکان دەگۆڕێت.

هێڵکاری ئەم بازنەیە دۆخەکانی تایبەتمەندی کەسی زیاتر روون دەکاتەوە:




## کەسانی تر بێزار ناکەم



ئایا ئەمە پێشێڵ کردنی ژیانی تایبەتی کەسانی دیکە نیە

## ڕاهێنان

١. ئایا ڕەوایە کەسانی تر هەراسان بکەین؟

٢. بۆچی ئازاد هەستی بەبەرپرسیاریەتی نەکرد کاتێ بەردی لە ستوونی کارەبا دەدا... و خەلکی هەراسان دەکرد.



## چالاکی

١. لەکاتی خەوتنی کەسانی ناو خێزانەکەم موسیقا لێ نادەم. (گفتوگۆ کردن).

٢. سەیری جەنتای خوشکە گەورەکەم ناکەم تا ڕەزامەندی لێ وەرنەگرم. (گفتوگۆ کردن).

٣. لە دەرگای ژووری براکەم دەدەم تا ڕێگام نەدا ناچمە ژوورەوە چونکە تایبەتمەندی خۆی هەیە. (ڕوونکردنەوە).

٤. گوێ نەگرتن لە کەسێک کاتێک بە مۆبایل قسەدەکات. (ڕوونکردنەوە).

# زەڕافەی مل درێژ

ئاسکێکی بچکۆڵە لەگەڵ دایکی لە مێرگێکدا دەلەوەڕا، ئاسکە بچکۆڵەکە بە دایکی گووت: حەزم دەکرد ملم وەکو ملی زەڕافە بووایە تا بتوانم گەڵای درەختە بەرزەکان بخۆم چونکە گەڵا بەرزەکان سەوزتر و خۆشترن.

دایکە بە قسەی ڕۆڵەکەی پێکەنی و گوتی: زەرافە هەموو کاتێک پێویستی بە گەڵا و گژوگیای سەوزە بەڵام ئێمە دەتوانین گەڵا و پووش وپەلاشی وشکیش بخۆین و هەریەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە.



ئاسکە بچکۆڵە دیسانەوە گووتی:

زەرافە بەهۆی ملی درێژی دەتوانێ لە دوورەوە شت ببینێ و لە کاتی مەترسی دا ڕادەکات.

لەوکاتەدا پڵنگێکی دڕندە دەرکەوت و گشت ئاژەڵانی دارستان ڕایانکرد تەنها زەرافە نەبێت کەنەیتوانی ڕابکات و خۆی بشارێتەوە و بووە قوربانی دەستی پڵنگەکەو گیانی لە دەست دا.



لێرەدا دایکەکە بە ئاسکە بچکۆڵەی گووت: ئێستاش حەسوودی



(ئێرەیی) بە زەرافە دەبەیت؟ ئاسکە بچکۆڵەکەش لە ترسان هیچ قسەی پێ نەدەکرا.

لەو چیرۆکە فێری ئەوە دەبین کە هەریەکەمان تایبەتمەندی خۆی هەیە و نابێ بە سرووشتی خۆمان ڕازی نەبین و ئێرەیی بە کەسانی تر ببەین.

چیرۆکەکانی دادپەروەریی
٢٠٠٨

## راهێنان

* ئایا ڕەوایە ئاسکە بچکۆڵەکە بە لاشەی خۆی ڕازی نەبێت و حەزبکات ملی وەکو ملی زەڕافە درێژ بێت؟

* بۆچی ئاسکە بچکۆڵەکە هەستی بە پەشیمانی کرد؟



## چالاکی

* دەبێ هەموومان شانازی بەخۆمانەوە بکەین. (گفتوگۆ)

* ئەگەر هاوڕێکەم تایبەتمەندی هەبێت رێز لە تایبەتمەندیەکەی دەگرم. (گفتوگۆ)

* هەریەکەمان رەنگی جیاوازمان هەیە یاخود شێوەی تایبەتی مافی خۆمانە رێز لە هەموو جیاوازیەکان بگرین. (گفتوگۆ)

# ئایا ڕەوایە لە کۆڵان یاری تۆپی پێ بکەین؟





## چەند کێشەیەك بۆ چارەسەرکردن

سەیری ئەم شەش نموونەیە بکەو پرسیارەکانی پێشوو بەکاربهێنە بۆ یارمەتیدانت لە بیرکردنەوەی هەر یەکێکیاندا، دوایی وەڵامی پرسیارەکان بدەرەوە.



١ـ تیشک ئارەزووی لە گۆرانی گوتنە، بەڵام کە بە تەنها دەبێت ئینجا گۆرانی دەڵێت.

٢ـ تەلار پەڕاوی یادگاری نووسینی ڕۆژانەی خۆی هەیە و لە برایەکەی دەشارێتەوە.

٣ـ ئاراس کەروێشکێکی ماڵی هەیە نایەوێت خوشکەکەی بزانێت و داواشی لە دایکی کردبوو پێی نەڵێت.




٤ـ سۆما نامەکانی بۆ هاوڕێیەکەی دەنووسێت و نایەوێت کەس بیانخوێنێتەوە.

٥ـ جوان نیشانەیەکی لەسەر دەرگاکەی هەڵواسیوە و لەسەری نووسیوە تکایە پێش ئەوەی بێیتە ژوورەوە لە دەرگا بدە.

٦ـ منداڵەکان تاقیکردنەوەیان هەبوو داوایان لە مامۆستاکەیان کرد کە پێیان نەڵێت چەند وەڵامیان هەڵەیە لەبەردەم قوتابیانی پۆلەکەدا.

## پیشانمان بدە چی دەزانیت

چیرۆکی سۆزان و رامان بخوێنەرەوە و یارییەک ئامادە بکە تیایدا پیشانی بدە، سۆزان دەیویست چ تایبەتمەندییەک بپارێزێت. هەروەها پیشان بدە سۆزان بۆ پاراستنی تایبەتمەندییەکە چۆن هەڵسوکەوتی کرد.

## پەرتووکە ڕەنگاوڕەنگەکە

سۆزان ئارەزووی ڕەنگکردنی هەیە، دەیەوێت وێنەکانی جوان و ڕەنگاوڕەنگ بن پێش ئەوەی کەسێک بیانبینێت، رامان لە سۆزانی پرسی ((دەتوانم سەیری وێنەکانی ناو پەرتووکە ڕەنگاوڕەنگەکەت بکەم؟)).

سۆزان گوتی: ((نەخێر رامان من نامەوێت کەس وێنەکانم ببینێت پێش ئەوەی تەواو بن)).

پاش ماوەیەک سۆزان وێنەکانی کتێبەکەی ڕەنگاوڕەنگ کردو بردی بۆ رامان و گوتی: ((فەرموو، رامان سەیری وێنەکان بکە چەند جوانن!))



## چالاکی

١. لە ڕۆژنامەیەک یان گۆڤارێک بەدوای وێنەیەکدا بگەڕێ، کە تایبەتمەندی پیشان بدات و وێنەکە بێنە بۆ پۆلەکەت، بە پۆلەکەت بڵێ بۆچی وێنەکە تایبەتمەندی دەردەخات.

٢. هەرکەسێک دەتوانێت چیرۆکێک دەربارەی تایبەتمەندی بڵێت یان بنووسێت کەسێک دەتوانێت چیرۆکەکە دەست پێ بکات و پاشان هەر کەسەو دەتوانێت بیرۆکەی خۆی بڵێت و کاتێک تەواو بوویت ئەو بەشانەی دەربارەی تایبەتمەندین بیاندۆزەرەوە.

## جۆرەکانی تایبەتمەندی

**دوو جۆر تایبەتمەندی هەیە :**

- تایبەتمەندی کەسی
- تایبەتمەندی گشتی

**- تایبەتمەندی کەسی :**

ئەو نهێنی و تایبەتمەندیانە دەگرێتەوە کە ڕاستەوخۆ بە خودی کەسەکەوە پەیوەستە وەک:

- شوێنی نووستنی ئەو کەسە.
- جۆری جلوبەرگی.
- شێوازی نانخواردنی.
- مەیل و ئارەزووەکانی.
- شێوازی ڕەفتار و هەڵسوکەوتی لە نێو کۆمەڵگەدا.

**- تایبەتمەندی گشتی:**

ئەو تایبەتمەندییە هاوبەشانە دەگرێتەوە کە پەیوەستن بە سەرجەم تاکەکانی کۆمەڵگەدا وەک:

١. پاراستنی ئاسایشی وڵات.

٢. پیس نەکردنی ژینگەی شارو شارۆچکەکان.

٣. پاکڕاگرتنی پارک و باخچەکان و نەشکاندنی درەختەکان.

٤. هەراسان نەکردنی خەڵکی لە شوێنە گشتییەکان. (نەخۆشخانە، پەرتوکخانە، ....)

٥. پارێزگاری کردن لە سامانی وڵات (بەفیرۆنەدانی ئاو، کارەبا، ...).

٦. پاراستنی یاساکانی هاتوچۆ.

٧. جێ بە جێ کردنی ڕێنمایەکانی خوێندنگا.

٨. ڕێز گرتن لە نهێنیەکانی دراوسێ.

٩. پارێزگاری کردن لە کەلوپەلەکانی خوێندنگاکەمان.

## کێشەیەك بۆ چارەسەرکردن

چیرۆکی وریاو هیوا بخوێنەرەوە و بڵێ بۆچی وریاو هیوا چەند بیرۆکەی جیاوازیان دەربارەی تایبەتمەندی هەیە.

وریا ئارەزووی دروستکردنی کەشتی دەکات و دەیەوێت بە تەنها کار بکات و بە تەنهاش دەژی، بەڵام هەندێک کات سەردانی دایک و باوکی

دەکات و کە لە خانوویەکی بچووکی ناو دارستان دەژیان کە نزیک بوو لە دەریاچەیەکەوە و هیچ دراوسێیەکیشیان نییە.



هیوا لە خێزانێکدا گەورە بووە کە لە هەشت خوشک و برا پێکهاتبوو لەناو خانوویەکی بچووکدا دەژیان، ئێستا لەگەڵ خێزانەکەی و شەش منداڵەکەی لە خانوویەکی گەورە دەژین و ئارەزووی دروستکردنی فڕۆکەیە، کاتێک دەچێتە ژووری کارکردن داوا لە منداڵەکانی دەکات لەگەڵیدابن.



# پیشانمان بدە چی دەزانیت

چیرۆکی لەکێڵگەدا بخوێنەرەوە و پاشان وێنەیەکی کاریکاتێری بکێشە لە یەکێک لەو کاریکاتێرانە بچێت کە لە رۆژنامەکاندان، لە سەرەتادا چوار چوارگۆشە لەسەر پارچە کاغەزێک بکێشەو لەهەر چوار گۆشەیەکدا وێنەیەک بکە، پیشانی بدە چۆن ڕێزان لە ژیانی ڕۆژانەیدا هەست بەتایبەتمەندی دەکات، تۆ لەو بڕوایەدایت بۆ ڕێزان بەمشێوەیە بیر دەکاتەوە؟

## لەکێڵگەدا

ڕێزان لەگەڵ دایک و باوکی و سێ خوشکی لە کێڵگەیەکدا دەژی و کاریان زۆرە و هەندێکجار ئارەزووی تایبەتمەندی دەکات و هەندێکجاریش ئارەزووی ئەوە دەکات لەگەڵ خەڵک و هاوڕێکانی و خێزانەکەیدا بێت.

ڕێزان زوو لەخەو هەڵدەستێت و خۆی مانگاکە دەدۆشێت و خواردنی دەداتێ پاشان دەچێت بۆ قوتابخانە.



لە قوتابخانەش ئارەزووی دەکرد لەگەڵ هاوڕێکانی بێت شتیان لەگەڵ بخوات، کاتێک لە قوتابخانە دەگەڕێتەوە ماڵەوە ئەرکی ماڵەوەی هەیەو دەچێتە ژوورەکەی خۆی کە مێزێکی تێدایە بۆ ئەوەی کەس بێزاری نەکات. کاتی نانی ئێوارەش لەگەڵ خێزانەکەیدا دووبارە کۆدەبنەوەو هەرکەسێک بەسەرهاتی ئەو ڕۆژەی خۆی دەگێڕێتەوە. ڕێزان ئارەزوو دەکات بە تەنها بێت پێش ئەوەی بخەوێت لەم کاتەدا یاری لەگەڵ بووکەشووشەکەی خۆی دەکات. کە هەرگیز پیشانی کەسی نەداوەو تەنانەت خوشک و هاوڕێکانیشی.

## چالاکی

١. دوو وێنە بکێشە. یەکێکیان وێنەی خانووەیەکی بچووک بێت و خێزانێک لەم خانووە بچووکەدا بژین منداڵیان زۆر بێت.
وێنەکەی دیکەش خانوویەکی گەورەبێت و خێزانەکەی ناو ئەم خانووە گەورەش تەنها دوو منداڵیان هەبێت.
وادابنێ تۆ لەهەریەکە لە خانووەکاندا دەژیت، بڵێ چۆن تایبەتمەندی لە هەریەکە لە خانووەکان جیاوازە، بەشداری لەگەڵ قوتابییانی پۆلەکەت بکە.

٢. وادابنێ تۆ پێشکەشکاری بەرنامەی منداڵانیت، داوا لە هەندێک قوتابیان بکە ببنە میوانێکی بەناوبانگی بەرنامەکە.




میوانەکانیش با نووسەر یان زانا یان هەرشتێکی دیکەبن. داوایان لێ بکە دەربارەی تایبەتمەندی بدوێن، بیر لە چەند پرسیارێک بکەرەوە بۆ ئەوەی لە میوانەکانی بپرسیت لەوانەیە تۆ پرسیاری لێ بکەیت کە ئەوان دەیانەوێت چ تایبەتمەندییەک بپارێزن یان پرسیاریان لێ بکەیت چۆن هەڵسوکەوت دەکەن بۆ پاراستنی شتە تایبەتمەندەکان.

لەوانەیە بپرسیت بۆچی ئەم هەڵسوکەوتە دەکەن بۆ پاراستنی شتە تایبەتمەندەکان.

وریابە ئەو پرسیارانە نەکەیت کە خەڵک نایانەوێت وەڵامی بدەنەوە.

**٣.** هۆنراوەیەک یان گۆرانییەک بڵێ و تیایدا نیشان بدە چۆن تۆ هەست بەتایبەتمەندی دەکەیت؟

## چەند بیرۆکەیەک بۆ فێربوون

هەندێک لەو شتانە چین کەلەوانەیە ڕووبدەن کاتێک تایبەتمەندیمان هەیە ؟

## ئەمانە چەند شتێکی باشن دەربارەی بوونی تایبەتمەندی

- ئێمە دەتوانین سەربەست و ئازادانە بیر بکەینەوە و هەڵسوکەوت بکەین و نابێت لە چۆنیەتی بیرکردنەوەی خەڵک دەربارەی بیرۆکەکانمان و کردەوەکانمان بترسین.
- ئێمە دەتوانین دڵنیابین کە هیچ کەسێک گاڵتەمان پێ ناکات.
- دەتوانین هەست بە هێمنی بکەین و، ڕاستگۆ بین لەگەڵ خۆماندا.
- دەتوانین داهێنەربین و چەند شتێک بکەین یا دروست بکەین بێ ئەوەی خەڵکی دیکە بێزارمان بکات.



**ئەمانەش چەند کێشەیەکی بوونی تایبەتمەندین.**

- لەوانەیە ئێمە بیرۆکە و ڕێگا نوێکان بۆ ئەنجامدانی شتەکان لە خەڵکانی دیکە فێربین.
- لەوانەیە هەست بەتەنیایی بکەین.
- لەوانەیە نەتوانین شتێکی هەڵە ڕاست بکەینەوە.
- لەوانەیە هەست بکەین پارێزراو نەبین، ئەمەش بۆ منداڵان گرنگە، هەندێک شتی تایبەتمەند هەن کە منداڵان نابێت بیانپارێزن.

## پیشانمان بدە چی دەزانیت

لەگەڵ دوو منداڵی دیکە کار بکە. وادابنێ تۆ لە چیرۆکی «کێشەیەک بۆ دایک» بڵند یان ئەڵوەند یان دایکەکەیت. ئەڵوەند و بڵند یارمەتی دایکیان دەدەن چی بکات.

ئەڵوەند دەبێ بیر لە شتە باشەکان بکاتەوە کە لەوانەیە ڕووبدەن. بڵندیش دەبێت بیر لە کێشەکان بکاتەوەو لە دواییدا دەتوانن بە دایکیان بڵێن بیر لەچی دەکەنەوە.

## کێشەیەك بۆ دایکە

بڵند و ئەڵوەند هەمووەدەمێک لەسەر کەلوپەلی یاریەکانیان دەمەقاڵێیان دەکرد، ئەڵوەند دەیویست بە تەنیا لەگەڵ دایکی قسە بکات، بۆیە داوای لە دایکی کرد بچنە باخچەی گشتی بۆ گەڕان و بڵندیشیان لەگەڵ نەبێت.



بڵندیش نیگەران بوو گوتی: ((ئەمە دادپەروەری نییە! منیش دەمەوێت لە گەڵتان بێم!))

دایک بە منداڵەکانی گوت: ((من نازانم چی بکەم. ئێوە یارمەتیم بدەن بۆ بڕیاردان)).

دایک لە ئەڵوەندی پرسی: ((ئەگەر بە تەنیا بڕۆین، شتە باشەکان چین کە لەوانەیە ڕووبدەن؟))

لە دواییدا ڕووی کردە بڵند و پرسی: ((ئەگەر بەتەنیا قسە لەگەڵ خوشکەکەت بکەم کێشەکان چین؟))

١- چیرۆکێکی ئەفسانەیی دەربارەی کوڕێک یا کچێک بنووسە کە تایبەتمەندیەکیان هەبێت لە چیرۆکەکەدا، بڵێ چ شتێک یارمەتیدەرە لە هەبوونی تایبەتمەندی و چ شتێک کێشەیە.

٢- سەیری گۆڤارێک بکە. هەندێک وێنە بدۆزەرەوە کە یەکێک پیشان بدات تایبەتمەندی هەیە، لە وێنەکەدا بڵێ چ شتێک یارمەتیدەرە لە تایبەتمەندی چ شتێکیش کێشە دروست دەکات؟



### کۆبوونەوەیەك چۆن تایبەت دەبێت؟
### تۆ لەم وانەیەدا چی فێردەبیت

تۆ فێربویت کە تایبەتمەندی دەتوانێ هەندێک شتی باش بکات و هەروەها دەتوانێ کێشەش بنێتەوە، لەم وانەیەدا ئەو شتانەی فێری بویت بەکاریان دەهێنیت و کێشەیەک دەربارەی تایبەتمەندی چارەسەر دەکەیت.

### چەند وشەیەك بۆ فێربوون

نوێنەرانی پۆل          بڕیار

## بەشداری کردن لە چالاکی پۆلدا

ئەم چیرۆکە بخوێنەوە لە دواییدا لەگەڵ قوتابیانی دیکەدا کاربکە بۆ بڕیاردان، چی بکرێت؟



# کۆبوونەوەی پۆلەکە

قوتابیانی پۆل بە ئامادەبوونی مامۆستا نەسرین، چەند نوێنەرێکی پۆلیان هەڵبژارد. لەوانەش پەیمان و یاد و شاد بوون.

پەیمان ویستی نوێنەرەکان پاش تەواو بوونی قوتابخانە کۆببنەوەو نەیدەویست قوتابییەکانی دیکە بەشداری کۆبوونەوەکە بکەن.



نوێنەرەکان توانیان دەربارەی پلانەکانیان بدوێن و نیگەران نەبوون لەو پرسیارانەی قوتابییەکانی دیکە دەیان کرد.

یاد لەگەڵ پەیمان ڕازی بوو، گوتی تایبەتمەندی زیاتر شتەکان ئاسانتر دەکات شاد لەمە دڵنیا نەبوو گوتی: قوتابیانی پۆلەکە لەوانەیە ڕازی نەبن و حەزیان لێ نەبێت، نوێنەرەکان بەنهێنی بڕیار لەسەر شتەکان بدەن.

نوێنەرانی پۆلەکە لیستێکیان ئامادەکرد و تیایدا ئەو شتانەیان نووسی کە لەوانەیە ڕووبدەن ئەگەر کۆبوونەوەیەکی تایبەتیان هەبێت ئێستاش دەبێ بڕیار بدەن چی بکەن.

## ئامادەبوون

لە سەرەتادا، چیرۆکەکە بخوێنەوە. هەر کەسێک دەبێ وا پیشان بدات کە یەکێکە لە چیرۆکەکەدا.

تۆ لەوانەیە پەیمان یان شاد یان یاد بیت. بیربکەوە پەیمان دەیەوێت چی بکات.

لیستێک لەسەر شتە یارمەتیدەرەکان و کێشەکان بنووسە کە لەوانەیە ڕووبدەن.

کاتێ تەواو بوویت، لە چەند گرووپێکی سێ کەسیدا کاربکە.



## چالاکی

هەر کەسێک دەبێ لیستەکەی خۆی لەگەڵ گروپەکەدا دابەش بکات و شتە یاریدەرەکان و کێشەکان بەشداری پێ بکات.

بڕیاربدە چ شتێکی دیکە لەوەی باسکراوە گرنگترن، لە داوایدا لەسەر هەر یەکەیان بدوێ.

گرووپی تۆ دەبێ بڕیاربدات، قوتابیانی پۆلەکەی خاتوو نەسرین پێویستە چی بکەن.

لە گرووپەکەت یەکێک دەستنیشان بکە بۆ ئەوەی بە قوتابیانی تری پۆلەکەت بڵێ چیان بڕیار داوە و بۆچی؟

## ڕاڤەکردن

شتە یارمەتیدەرەکان چین کە زۆربەی گرووپەکان گفتووگۆی لەسەر دەکەن؟

کێشەکان چین کە زۆربەی گرووپەکان گفتووگۆی لەسەر دەکەن؟

ئایا تۆ لەگەڵ ئەو بڕیارانەی گرووپەکان داویانە ڕازیت؟ بۆچی؟

# دیمەن پەشیمان دەبێتەوە

دیمەن و دارین دوو هاوڕێن، ڕۆژانە بەیەکەوە دەچن بۆ قوتابخانە لە ناو پۆلیشدا لە تەنیشت یەکتری دادەنیشن.



رۆژێکیان دیمەن کاتێ بە تەنها لە پۆلەکەی دانیشت بوو، بەبێ ئاگای دارین جانتاکەی ئەوی کردەوە تا بزانێ چی تێدایە؟!!..



کاتێ دارین گەڕایەوە ناو پۆل بینی وا جانتاکەی کراوەتەوە، زانی کە دیمەن دەستکاری کەلوپەلەکانی ئەوی کردووە، بۆیە بە تووڕەییەوە پێی گووت:



بۆچی دەستکاری جانتای منت کردووە، نازانی هەموو نهێنی و تایبەتمەندییەکانی منی تێدایە؟..

تۆ خۆت پێت خۆشە کەسانی تر دەستکاری نهێنی و تایبەتمەندیاکانت بکەن!..



بۆیە نابێ بەبێ ئاگای کەسانی تر، هەرگیز دەستکاری کەلوپەلەکانیان بکەین..

دیەن کە زانی هەڵە بووە.. لەم هەڵوێستەی پەشیمان بووەوە و بەڵنیشی دا هەرگیز دەستکاری تایبەتمەندی کەسانی تر نەکات..

لەم چیرۆکە فێری ئەوە دەبین کە پێویستە لە قوتابخانە هاورێی باش هەڵبژێرین بەلاّم لە هەمان کاتدا نابێ پێشێلی تایبەتمەندیەکانیان بکەین، جانتای یەکتری بپشکنین.

چیرۆکی هەلبژاردە

## راهێنان

* دیەن و دارین کامیان هەڵە بوون؟ لەبەر چی؟
* ئایا ئێمە پێمان خۆشە کەسانی دیکە دەستکاری تایبەتمەندیەکانمان بکەن؟

## چالاکی

وێنەی ئەمانە بکێشە کە تایبەتین: مۆبایل، جانتا، ئەلبۆمی وێنەی تایبەتی،...

## دەبێ ئاژەڵ و باڵندەمان خۆش بووێت





هەریەکە لەمانە تایبەتمەندی خۆی هەیە لە کارەکەی، لە هەریەکەیان بدوێ؟











مامۆستای بەڕێز لەگەڵ قوتابییەکاندا باس لە تایبەتمەندی ئەو جۆرە پیشانە بکە .

## هەنگاوی یەکەم

## تایبەتمەندی کەسی

ئەو تایبەتمەندیانە دەگرێتەوە کە پەیوەندی راستەوخۆی هەیە بە قوتابییەکە جا چ لە ماڵەوە بێت یان لە قوتابخانە یان لە دەرەوە.

بەیار و کوێستان و داستان لە خێزانێکن، برا و خوشکی ماڵێکن، قوتابی پۆلی چوارەمی بنەڕەتین لە ماڵەوە گفتوگۆ لەسەر تایبەتمەندییەکانیان دەکەن لە نێوان خۆیان.

بەیار: من رۆژانە بە ئارەزووی خۆم هەرکاتێک شتێکم پێویست بوو دۆلابی کوێستانی خوشکم دەکەمەوە، بێ وەرگرتنی مۆڵەت ئەوەی پێویستم بێ دەری دەهێنم.

داستان: کاکە بەیار چۆن دەبێ بەبێ وەرگرتنی مۆڵەتپێدانی کوێستانی خوشکمان دەستکاری دۆلابەکەی بکەین؟

بەیار: بۆ نابێ، ئەی کوێستان خوشکمان نییە، پێویست ناکات مۆڵەتی لێ وەرگرین.



داستان: نەخێر... ڕاستە ئێمە خوشک و براین هەموومان ئەندامی یەک خێزانین بەڵام هەریەکەمان نهێنی و تایبەتمەندی خۆمان هەیە نابێ کەسمان دەستکاری جانتا و ئەلبووم و دۆلاب و کەلوپەلی ئەوی تر بکەین تا مۆڵەت وەرنەگرین پێویستە لەسەرمان ڕێز لە تایبەتمەندی یەکتر بگرین.

بەیار: ڕاستە خوشکی بەڕێزم، بەڵێن بێت هەرگیز دەستکاری کەلوپەلەکانتان نەکەم تا مۆڵەتتان لێ وەرنەگرم.

## کۆمەڵەی دایکان و باوکان



* کۆمەڵەی دایکان و باوکان چییە؟
* گرنگییەکەی لەچی دایە؟
* بۆچی مامۆستایان بە تەنها لەگەڵ باوک یان دایکی هەر قوتابییەک کۆدەبنەوە؟

## هەنگاوی دووەم
# پەیوەندی لەگەڵ ئەندامانی خێزان

هـەر ئـەنـدامـێـک لـە خـێـزان تـایـبـەتـمـەنـدی خـۆی هـەیـە لـە هـەڵس وکـەوتـی ڕۆژانەدا . دەبێت ڕێز لە تایبەتمەندی یەکتر بگرین.

هەڵۆ و هاکار و ساکار و بنار ئەندامی یەک خێزانن.

گفتوگۆ لە نێوان دوو برا و دوو خوشکدا:

ساکار: ئێمە نابێ بەبێ لێدانی دەرگەی ژووری دایە و بابە بچینە ژوورەوە.

هەکار: بۆچی ئەی ژووری دایە و بابەی خۆمان نییە؟

بنار: بەڵام هەریەکە لە ئێمە تایبەتمەندی خۆی هەیە، پێویستە ڕێز لە تایبەتمەندی یەکتری بگرین، نابێ بەبێ دەرگا لێدان بچینە ژووری کەسانی دیکە، چونکە ئێمەش پێمان خۆش نییە کەسانی دیکە بەبێ لە دەرگادان بێنە ژوورەکەمان و پێشێلی تایبەتمەندیمان بکەن، لەوانەیە لەو کاتە کارێکی تایبەتیمان هەبێت یاخود سەرقاڵی کارێک بین.

هەڵۆ: ئافەرین! بنار بەڕاستی خوشکێکی ژیر و وریای بەڵێن بێت هەرگیز بەبێ دەرگا لێدان نەچمە ژووری دایک و باوکم و خوشک و برایەکەم.. سوپاس بۆ ئامۆژگارییەکەت بەڕاستی بنەمایەکی باشە و پێویستە هەموو ئەندامانی خێزانەکەمان ڕێز لە تایبەتمەندی یەکتری بگرین...



* برا بچووکەکەت کە تەمەنی ٦ ساڵە دەیەوێت لەگەڵ تۆ لە پۆلی ئێوە بخوێنێ؟ چی دەکەیت؟

وەڵام/ تێیدەگەینم کە هەریەکەمان تایبەتمەندی خۆمان هەیە و پۆلی تایبەتی ئەو بریتیە لە پۆلی یەکەمی بنەڕەتی..

### راست و چەوت

١. کاتێ دایە و بابە بەیەکەوە قسە دەکەن بە نهێنی گوێیان لێ دەگرم.

٢. بە نهێنی بووکە شووشەی نارینم برد و یاریم پێکرد.

٣. هەرگیز دەستکاری کەلوپەلی هەڵۆی برام ناکەم.

٤. نازدار چەند نهێنیێکی شنۆی لای هاورێیانی تری گێرایەوە.

٥. سرود نهێنی پۆلەکەی خۆیانی لای پۆلەکانی تری قوتابخانە گێڕایەوە.

## چۆن دەتوانین بڕیار بدەین کە ئەم شتە زۆر تایبەتمەندی خۆی هەیە؟

## تۆ لەم وانەیەدا چی فێردەبیت؟

لەوانەیە هەندێک کات هەبێت کە خەڵک ناتوانێت تایبەتمەندی هەبێت. تۆ فێردەبیت چۆن پرسیارکردن یارمەتیت دەدات بۆ بیرکردنەوە لە کێشەیەک پاشان ئەوەی فێربوویت بەکاری بهێنە بۆ یارمەتیدانت بۆئەوەی لەکاتی بڕیارداندا چی بکەیت.

### چەند ووشەیەك بۆ فێربوون

ئەرك مۆڵەت پێدان

یاسا بەها سنوور

## چەند بیرۆکەیەك بۆ فێربوون

لە هەر وڵاتێک مافی تایبەتمەندی مافێکی سەرەکی هاووڵاتییانە ئەمە مافی گەشە پێدانی سەربەستی تاکە کەسە لە کۆمەڵدا. ئێمە چەند یاسایەکمان هەیە بۆ پشتگیری کردن و پاراستنی تایبەتمەندی خەڵک پێویستە لەسەرمان رێز لەم مافە بگرین.

هەندێکجار خەڵک لە تایبەتمەندی خۆیان زیاتریان پێویستە، هەندێک جاریش ناتوانن ئەوبڕە تایبەتمەندییە بەدەست بێنن کە دەیانەوێت. ئەگەر ئەمە روویدا ئێمە دەڵێین تایبەتمەندی سنوورێکی هەیە.

- ئێمە سنوورێک بۆ تایبەتمەندی تۆ دادەنێین، کاتێک دەڵێین تۆ نابێت بەتەنها هاتووچۆ بکەیت.لەبەر سەلامەتی تۆ

- ئێمە سنوورێک بۆ تایبەتمەندی تۆ دادەنێین کاتێک پێت دەڵێین پێویستە لەسەرت نهێنییەک بدرکێنیت.(لەکاتی بوونی مەترسی لەسەر ژیانت).

- ئێمە سنوورێک بۆ تایبەتمەندی تۆ دادەنێین کاتێک پێت دەڵێین پێویستە چی لە گیرفانتدایە پیشانمان بدەیت. (لەکاتی پشکنینی یاسایی)

## ئەمانە چەند هۆیەکن بۆ سنووردانانی تایبەتمەندی

- لەوانەیە پێویست بێت یەکێک لە ئەنجامدانی هەڵەیەک بپارێزیت.

- لەوانەیە پێویست بێت بۆئەوەی بزانیت کێ شتێکی هەڵەی کردووە.

- لەوانەیە پیێویست بێت بۆ پاراستنی سەلامەتی خەڵک.

سنووردانان بۆ تایبەتمەندی کارێکی ئاسان نییە. پێویستە چەند هۆکارێکی باش هەبێت بۆ سنووردانان بۆ تایبەتمەندی یەکێک، منداڵانیش تایبەتمەندیان دەوێت، پێویستە چەند هۆکارێکی باش هەبن بۆ سنووردانان بۆ تایبەتمەندی منداڵ بەجۆرێک منداڵ دەبێ لە ئازار بپارێزێت، کاتێ کە هەستی بە نا ئارامی کرد دەبێ بە یەکێکی لە خۆیان گەورەتر بڵێن.

## هەنگاوی سێیەم

## پەیوەندی کەسی

ئەمجۆرە پەیوەندییە لە هەموو تاکێک لە نێو کۆمەڵگەدا پێویستی پێی هەیە هەموو کەسێک پێویستی بە هاوڕێیەکی خۆشەویست هەیە کەلێی تێبگات بۆ چارەسەرکردنی گرفت و کێشەکە لە قۆناغی منداڵی تا گەورەبوون..

## چیرۆك لە سەر پەیوەندی کەسی





کارزان و کاروان دوو هاوڕێی خۆشەویستی یەکترن لە قوتابخانە هەردووکیان قوتابی پۆلی چوارەمی بنەڕەتین لە یەک پۆلدا لە پەیوەندی هاوڕێیەتیدا زۆر سەرکەوتووبوون هەمیشە دڵسۆزی یەکتر بوون.

ڕۆژێکیان کارزان زۆر خەفەتبار و دڵتەنگ بوو کاروانی هاوڕێی لێی پرسی کارزان بۆچی وا داماوو دڵتەنگی؟

کارزان لەبەر ئەوەی هاوڕێیەکی نزیکی کاروان بوو متمانەی بە کاروان دەکرد بۆیە پێی وت: کاروان گیان لەبەرئەوەی هاوڕێی نزیکی منی و نهێنیپارێزی بۆیە پێت دەڵێم چونکە زۆرجار کێشەم بۆت باس کردووە و تۆ نهێنییەکانی منت پاراستووە. ئیمرۆ ڕۆژانەی قوتابخانەم نەهێناوە چونکە باوکم کرێکارە ماوەیەکە بێکارە بۆیە دڵتەنگم.



کارزانی هاوڕێی دڵی دایەوە و پێی گووت: ئەی من هاوڕێی تۆ نیم ڕۆژانەکەمان وەکو برا دابەش دەکەین هیچ نیگەران مەبە لای کەس باسی ناکەم..



## کێشەیەك بۆ چارەسەرکردن

چیرۆکی ((پەرتووکخانەی قوتابخانە)) بخوێنەوە. ئەو هەنگاوانەی فێربوویت بەکاریان بهێنە بۆ چارەسەرکردنی کێشەی خاتوو لەیلا.

## پەرتووکخانەی قوتابخانە

قوتابخانەی ئامانجی سەرەتایی پەرتووکخانەیەکی گەورەی هەیە و زۆربەی قوتابیان کتێب دەیخوێننەوەو لەکاتی پشوودا بەکاری دەهێنن. خاتوو لەیلاش بەرپرسی پەرتووکخانەکەیە.

ڕۆژێک خاتوو لەیلا بڕیاری دا ژوورێکی تایبەتی لە کتێبخانەکەدا هەبێت، پاشان چەند کورسییەکی بۆ دانیشتن کڕی و لەگەڵ دوو کۆمپیوتەرو چەند یاریەکی کۆمپیوتەریش.

خاتوو لەیلا زۆر سەرقاڵ بوو، نەیدەتوانی هەموو کاتێک سەیری منداڵەکان بکات، لە ئەنجامدا هەندێک بنەمای دانا. بنەماکانیش زۆرگران نەبوون.

## بنەماکانی ژووری پەرتووکخانە

١- دەنگەدەنگی بەرز قەدەغەیە

٢- یاریکردن قەدەغەیە

٣- ژوورەکە بەپاک و خاوێنی ڕابگرە

٤- شتەکانی ژوورەکە دابەش بکە بە یەکسانی

منداڵەکان بیریان کردەوە هەموو ئەو شتانە بیرۆکەی باشن و ئارەزووی ژوورە نوێکەیان دەکرد و زۆربەی کاتیش بەکاریان دەهێنا. زۆربەی قوتابییەکان پەیڕەوی ئەم بنەمایانەیان دەکرد.

بەڵام هەندێک لە قوتابیان سەرپێچیان لەم بنەمایانە دەکردو ژوورەکەیان بەپیسی بەجێ دەهێشت و بەشداری کۆمپیوتەریان نەدەکرد. تەنانەت قوتابییەک یەکێک لە کورسییەکانی شکاند. ڕۆژێک قوتابییەک ئازاری پێ گەیشت، بەڵام هیچ کەسێک بەخاتوو لەیلای نەگووت چی ڕوویداوە.

خاتوو لەیلاش دەبێ بڕیار بدات، بۆیە بیری کردەوە دەبێ منداڵەکان لە ژوورەکە دابن، بەڵام پێویستە بزانێت کێ پەیڕەوی بنەماکان ناکات. لەوانەیە کامیرای ڤیدیۆ لە شوێنێکی بەرز لەسەر دیوارەکە دابنێت. بەمجۆرە من دەتوانم هەموو ئەو شتانەی کە منداڵەکان لە ژوورەکەدا ئەنجامی دەدەن تۆمار بکەم، دەتوانم لە کۆتاییدا سەیری فلیمەکە بکەم. ئای چی بکەم. من پرسیار لە قوتابییەکان دەکەم بیر لە چی دەکەنەوە.



**بە بڕوای تۆ دەبێ خاتوو لەیلا چی بکات؟ بۆچی؟**

**ئایا ڕەوایە کامێری چاودێری دابنێت؟**

## هەنگاوی چوارەم

## پەیوەندی گشتی

بریتییە لە پەیوەندییە کۆمەڵایەتییەکان لە نێو تاکەکانی کۆمەڵگە لەسەر بنەمای ڕێزگرتن و لێکگەیشتن.

**گفتوگۆی نێوان دوو قوتابی لە پۆلێکدا:**

ئاری و ئالا دوو قوتابین لە پۆلی چوارەمی بنەڕەتی.

ئاری: من بەیانیان کاتێ دەچمە ژووری پۆلەکەمان تەنیا بەیانی باش لە چەند هاوڕێیەکم دەکەم.

ئالا: ئاری... چۆن دەبێت بەیانی باش تەنیا لە هاوڕێیانت بکەیت؟

ئاری: ئالا.. لەبەرئەوەی حەز بە هەندێ قوتابی پۆلەکەمان ناکەم بۆیە تەنیا بەیانی باش لە هەندێ لە هاوڕێکانم دەکەم.

ئالا: ئەمە ڕەفتارێکی هەڵەیە پێویستە بەیانی باش لە هەموو قوتابیان بکەیت، من هەموو قوتابییەکانم خۆش دەوێت و هاوڕێی ئێمەن و پەیوەندیم لەگەڵ هەموویان باشە پێویستە تۆش هەمان بیرکردنەوەی منت هەبێت، چونکە هەموویان هاوپۆلی ئێمەن پێویستە پەیوەندیمان لەگەڵیان باش بێت.؟؟



ئاری: بەڵێن بێت لەمەودوا بەیانی باش لە هەموو قوتابیانی پۆلەکەم بکەم وهەموویانم خۆش بوویێت بۆ ئەوەی هەموومان ئاسوودە و بەختەوەربین لە نێو پۆلدا.

## چەند بیرۆکەیەك بۆ فێربوون

ئەو بیرۆکانە چین کە یارمەتیمان دەدەن بۆ بیرکردنەوەمان لە سنووردار کردنی تایبەتمەندی؟

ئایا تۆ پێویستیت بە سنووردارکردنی تایبەتمەندی یەکێک هەیە؟ چۆن دەتوانی بڕیار بدەیت؟

ئەمانە چەند هەنگاوێکن دەتوانی پەیڕەویان بکەیت و یارمەتیت دەدەن بۆ بیرکردنەوە لە کێشەیەک.

### هەنگاوی یەك: کێ تایبەتمەندی دەوێت؟

ئەو دەیەوێت چ تایبەتمەندیەک بپارێزێت؟

بۆ چی ئەو تایبەتمەندی دەوێت؟

### هەنگاوی دوو: کێ دەیەوێت تایبەتمەندی سنوردار بکات؟

ئەو چۆن سنوور بۆ تایبەتمەندی دادەنێت؟

بۆچی ئەو دەیەوێت سنور بۆ تایبەتمەندی دابنێت؟

ئایا ئەو کەسەی دەیەوێت سنوور بۆ تایبەتمەندی دابنێت ئەو مافەی هەیە؟

### هەنگاوی سێ: لەوانەیە چی رووبدات؟

لەم کێشەیەدا شتە یارمەتیدەرەکان دەربارەی تایبەتمەندی چین؟

ئایا هەندێک لە کێشەکان چین؟

### هەنگاوی چوار: تۆ بڕیارێك دەدەیت بۆ ئەوەی بیکەیت؟ بۆ چی؟

## ئایا وریا دەبێت نهێنی بپارێزرێت؟
## تۆ لەم وانەیەدا چی فێر دەبێت

تۆ لە دوا وانەدا فێربوویت بۆچی تایبەتمەندی گرنگە، فێری ئەوەش بوویت بۆچی ئێمە لەوانەیە سنوور بۆ تایبەتمەندی دابنێین، هەروەها فێری هەندێک شت بوویت بۆ بیرکردنەوەت لە چارەسەرکردنی کێشەی سنووردارکردنی تایبەتمەندی، ئێستا ئەوەی فێربوویت بەکاری بهێنە بۆچارەسەرکردنی کێشەیەک.

## بەشداری کردن لە چالاکی پۆل

چیرۆکەکە بخوێنەوە، لەگەڵ قوتابیانی دیکە کاربکە بۆ ئەوەی بڕیاربدەیت چۆن کێشەکە چارەسەر دەکەیت.

# پەڕە درەوشاوەکە

هیوا تەمەنی یازدە ساڵانە و خێزانەکەشی بە ڕەچەڵەک خەڵکی کانی ماسین لە پارێزگای دهۆک.

ڕۆژێک، خێزانەکەی بۆ ڕاوە ماسی چوون، زۆربەی خێزانەکانی دێیەکەش بە هەمان شێوە چوون بۆ ڕاوە ماسی. لە دواییدا تاریک داهات و باوکی هیوا گوتی: ((با بچینەوە بۆ ماڵەوە)).

هەموو کەسێک گەڕایەوە بۆ دێیەکە تەنها هیوا نەبێت بە تەنها مایەوە، زۆر تاریک داهات. هیوا زۆر دەترسا.

هەوڵیدا ڕێگایەک دابنێت بۆ ئەوەی شتێک بکات، لەناکاو ڕووناکییەکی سەیری لەسەر زەویەکە بینی، لێی نزیک بووە و بۆ ئەوەی باشتر ببینێت.

هیوا لەبەردەم خۆیەوە گوتی: ((شتێک لە تاریکی دا دەدرەوشێتەوە!))
ئینجا پەڕە درەوشاوەکەی هەڵگرتەوە و بەهۆیەوە ڕێگای ماڵەوەی زانی.
کاتێک لە دێیەکە نزیک بوەوە، ڕاوەستا و بیری کردەوە.



پەڕە درەوشاوەکە ڕێگای ماڵەوەی پیشاندام، بەڵام من بەهیچ کەسێکی پیشان نادەم، ئەگەر پیشانی بدەم، لەوانەیە درەوشاویەکەی نەمێنێت.

هیوا پەڕە درەوشاوەکەی لە پارچە قوماشێک پێچاو بەستی بە پشتێنەکەیەوە. پاشان ڕێگای دێیەکەی گرتەبەر.

باوکی هاواری کرد: ((هیوا لە کوێ بوویت؟ ئێمە هەر ئێستا هاتینە دەرەوە بۆ ئەوەی بەدواتدا بگەڕێین.))

هیوا وەڵامی دایەوە: ((من بەهێواشی دەگەڕامەوە ماڵەوە.))

زارا هاواری کرد: ((ملوانکەکەی منیشت پێ بوو؟)).

هیوا پرسی: ((ملوانکەکەت ون کردووە؟))، زارا گوتی: ((تۆ دۆزیتەوە، بۆیە وا درەنگ هاتیتەوە. وا لە قوماشەکەت پێچاوە و بەستۆتە بە پشتێنەکەتەوە)).

هیوا گوتی: ((نەخێر، من ملوانکەکەی تۆم نەدۆزیوەتەوە)).



زاراش گوتی: ((کەواتە پیشانم بدە چ لەناو قوماشەکە دایە؟)).

هیوا گوتی: (نەخێر، پیشانت نادەم، هی تۆ نییە. پێویست ناکات پیشانت بدەم چی تێدا نییە، باوەڕم پێ بکە)).

ئێستاش باوکی هیوا دەیەوێت چەند شتێک بڵێت.

گوتی: ((با بە بێ نەخۆشی ئەم ناکۆکییە چارەسەر بکەین)).

بەمجۆرە، هەرسێکیان دانیشتن و دەربارەی چۆنیەتی چارەسەرکردنی ناکۆکییەکە قسەیان کرد.

لە گرووپێکدا کار لەگەڵ قوتابیانی دیکە بکە. تیایدا هەر قوتابیەک خۆی بە کەسێکی چیرۆکەکە دابنێت, هیوا، زارا یان باوکی هیوا.

هەر کەسێک لە دوا وانە چی فێربووە بۆ بیرکردنەوە لە کێشەیەک بەکاری بهێنیت.



هیوا دەبێت ئامادەبێت بۆ وەڵاّم دانەوە ئەوەی بۆچی دەبێ نەڵێت چی لە قوماشەکە دایە.

زاراش دەبێ ئامادەبێ بۆ ئەوەی بڵێ بۆچی هیوا پێویستی بە تایەتمەندی سنووردارە.

باوکی هیواش دەبێ ئامادەبێت، بۆ ئەوەی چەند پرسیارێک لە دوو منداڵەکە بکات.

## چالاکی

باوکی هیوا داوادەکات کۆبوونەوەکە ببەستریێت.
یەکەمجار زارا دەبێ قسە بکات و ئەو بەشەی چیرۆکەکە باس بکات کە پەیوەندی بەخۆی هەیە.
پاشان هیوا دەبێت ئەو لایەنەی چیرۆکەکە باس بکات، کە پەیوەندی بەخۆی هەیە.
باوکی هیوا لەوانەیە چەند پرسیارێک بکات، بۆئەوەی یارمەتی منداڵەکان بدات بگەنە بڕیارێک.
کاتێک تەواوبوویت، ئامادەبە بڕیارەکەی خۆت بە قوتابیانی پۆلەکە بڵێیت. بەڵام لە یادمەکە هۆیەکانی بڵێیت.

## ڕاڤەکردن

ئایا زۆربەی گرووپەکانی پۆلەکە بڕیاری چیان دا بیکەن؟
ئایا هەر گرووپێک چ هۆیەکی گرنگیان دا؟
ئایا تۆ بە بڕیارەکان ڕازیت؟ بۆچی؟

# مین چییە؟

چەکێکی سەربازییە بۆ کوشتن و کەمئەندامکردنی مرۆڤ و وتێکشکاندنی ئۆتۆمبێل وتانک وزریپۆش دروست دەکرێت. مینەکان لە جۆر و قەبارە و رەنگدا جیاوازن و بە تێپەربوونی کات لەکارناکەون، با و باران و تیشکی خۆر کاریان تێناکات، لە پلاستیک و کانزا و تەختە دروست دەکرێن و بەشێوەیەکی وا دەچێندرێن بەئاسانی نەبینرێن.

**جۆرەکانی مین:**

ئ - دژە مرۆڤ



ب - دژە تانك



# تەقەمەنی چییە؟



چەکێکی سەربازیە بریتییە لە «فیشەک، نارنجۆک، گوللە فاس، گوللە ئاربیجی، گوللە تۆپ، گوللە هاوەن، موشەک ... هتد» کە هاوێژراون، بەڵام نەتەقیونەتەوە یان پاشماوەی سەربازین و بەجێ ماون، زۆر مەترسیدارن بە کەمترین دەست لێدان دەتەقنەوە.

# شوانە بچکۆڵەکە

هیوا قوتابییەکی ژیر و زیرەک و گوێڕایەڵەو مام باییزی باوکیشی شوانە، زۆرجار لە ڕۆژانی پشوو، وەک شوانێکی بچکۆڵە لەگەڵ باوکی دەچێتە لەوەڕگاو مەڕەکانی لە دەشت و دەر دەڵەوەڕێنێت..

لە ڕۆژانی پشوودا هەر لە بەیانییەوە تاکو ئێوارە زۆر بە هێمنی دەچێتە چیاو مەڕەکانی دەلەوەڕێنێت و، شمشاڵەکەی بەدەستەوە دەگرێت و دەست بە ژەنینی دەکات، مەڕەکانیشی بەهێمنی لەخۆی کۆدەکاتەوە..

ڕۆژێکیان کە مام باییز بەهۆی نەخۆشییەوە نەهاتبووە شوانکاری و، تەنها هیوا لەوێ بوو، یەکێک لە مەڕەکانی لە مێگەل دوورکەوتەوەو چووە ناوچەیەکی ترسناک و مینڕێژکراو، کە هێمای سووری مەترسی و ئاگادارکردنەوەی کێڵگەی مین و تەقەمەنی بەسەرەوە بوو، بۆیە کە هیوا ئەم دیمەنەی بینی زۆر بەخێرایی و ئەسپایی ئەم مەڕانەی لە ناوچەکە دوورخستەوە، تا دووربن لە مین و تەقەمەنی و گیانیان سەلامەت بێت لە مەترسی.



هەروەها هیوا دەیزانی کە مین و تەقەمەنی زۆر ترسناکە بۆیە سەرجەم مەڕەکانی لە ناوچەکە دوورخستەوەو بەرەو ناوچەیەکی ئارام و دوور لە مەترسی ئاراستەی کردن..



## ئامانج

فێربوونی هونەری گوێگرتن لە نێوان ئەندامانی خێزان.

هاوکاریکردن و یارمەتیدان لە کاتی پێویستی بۆماڵەوە.

خۆپاراستن لە کاتی بوونی مەترسیدا.

## راهێنان

نیشانەی ( √ ) یان ( x ) لەبەرامبەر ئەم رستانە دابنێ:

- هیوا قوتابیەکی زیرەک و گوێرایەڵ بوو.
- مام بایز زۆر رقی لە هیوا دەبوویەوە چونکە یارمەتی نەدەدا.
- هیوا لەگەڵ هاورێکانیدا مەرەکانی دەلەوەڕاند.
- کاتێ هیوا نیشانەی مین و تەقەمەنی بینی کەسانی دیکەی ئاگادار دەکردەوە.

## چالاکی

هەر قوتابیەک ناوی تەقەمەنییەک بڵێ کە دەیزانێ؟

هەر قوتابیەک بە هاوکاری مامۆستا نیگاری نیشانەکانی مین و تەقەمەنی بکێشێت پاشان لە بەرامبەر قوتابییەکان باسی بکات.